www.kurdistannet.org

25-5-2006 20:52بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## وەڵامێک بۆ حەمەسەعید حەسەن ... هیوا ناسیح

سویسرا
hiwanaseh@hotmail. com

ڕۆژی ٢٥ ی ئەم مانگە حەمەسەعید حەسەن بابەتێکی لە کوردستان نێتدا، لەسەر وتارێکی من بڵاوکردۆتەوە، کە تیایدا بەلانسی خۆی لە دەست داوە و هێرشێکی ناڕەوای کرۆتە سەرم، گوایە من دزیم لە ئەو کردووە! ئەوی نوسینەکەی ناوبراو بخوێنێتەوە، هەر لە ناونیشانەکەیەوە تا کۆتایی، بۆی ئاشکرا دەبێت کە چ بوغز و کینەیەکی کەسیی پەنگخواردوو لە پشت زمان و داڕشتنی بابەتەکەیەوەیەتی. منیش لێرەدا دەمەوێت بە شێوازی زمانی خۆم نەک ئەو، وەکو ڕێزێک بۆ خوێنەرانم وەڵامی بدەمەوە. ئەگینا دەبێت زۆر سوپاسگوزارم بێت، ئەگەر جارێکی تر وەڵامی بدەمەوە، چونکە هەرگیز ئامادە نیم قەڵەمەکەم دابەزێنمە ئەو ئاستەی ئەم جۆرە بابەتانە بنووسم.

پێشەکی دەمەوێت بڵێم هیچ لام سەیر نەبوو کە ناوبراو بەو زمانە (جوان و پاراوە) لە سەر بابەتەکەی منی نوسیووە، چونکە حەمە (سەعید) هەمیشە بەوە (کامەران) ە کە بە زمانی شێخەڵا و بەربەلەدیەکەی سلێمانی لە سەر خەڵک بنووسێت، ئاخر ئەو ئەمە پیشەی ئێستای نییە، هەرچی نامیلکەی (باسی خۆر بۆ شەمشەمەکوێرە ناکەم) ەکەی ناوبراو بخوێنێتەوە، کە وەڵامێکە بۆ حەکیم کاکە وەیسی چیرۆکنووس و بیست ساڵێک لەمەوبەر نوسیوویەتی، تێدەگات ناوبراو چ قەڵەمپیس (١) و داهێنەرێکی گەورەیە، لە جنێودان و کینەبەرایەتیدا. داهێنانێکی تری ئەم مرۆڤە لە ئەدەبی کوردیدا ئەوەیە کە هەمیشە بە دوای شتی کۆمەڵایەتی و کەسیی خەڵکانی تر دەکەوێت، یان بە شێوازی خۆی هەڵەی زمانەوانی لە خەڵک دەگرێت، خۆشی پێ ئینسکلۆپیدیای کوردیە و وا دەزانێت ئەو سەرچاوەی هەموو زانیاری و زمانزانی و مەعریفەیەکە بۆ کورد!

پاشان حەز دەکەم بزانن من دەزانم کاکە حەمە کوێی دێشێت، چونکە ناوبراو یەکێکە لەوانەی کە کورد وتەنی (لە نانێکی گەرمدا کینە بۆ مرۆڤ هەڵدەگرێت) . ئەو نووسینەی ئەو وەڵامێکی ناڕاستەوخۆیە بۆ وتارێکی من کە لە ٥ ی ئازاری ساڵی ٢٠٠٢ دا لە سایتی کوردستانپۆستدا، کە ناوبراو بە سایتی دژ بە خۆی دادەنێت، بڵاوکرابۆوە (٢) . لەو بابەتەمدا بە ناوی (با ناکۆکیەکان وەلانێین و کەمپینەکە تۆکمەتر بکەین) ، تیادا ڕەخنەم لە ڕەفتاری ناوبراو، سەبارەت بە کەمپینی بەدادگا گەیاندنی نزار خەزرەجی، بە زمانێکی ئەدەبی جوان، گرتبوو، ئاخر ئەو بێ ئەوەی کەس بیکات بە نوێنەری کەمپینەکە، هەستا بوو خۆی کردبوو بە دەمسپی و بەناوی کەپینەکەوە نامەی نووسیبوو!! لەوێدا وتبووم ((من یەکێکم لەو کەسانەی زۆربەی زۆری (ئەگەر نەڵێم هەموو) نووسینەکانی حەمە سەعیدم خوێندۆتەوە و قەڵەمەکەی و نووسینەکانی ڕێزێکی تایبەتییان لە لام هەبووە، .... ، هەرگیز بڕوام نەدەکرد ئەم زاتە هیچ کێشەیەکی شەخسی لەگەڵ کەسدا هەبوو بێت، .... ، بەڵام ئێستا بۆم ڕون بووەوە، ... ، دەکرێ زۆر لە نووسینەکانی بە پاڵنەری کێشەی شەخسی نوسیبێت)) .

حەمەسەعید هەمیشە فێرە پەلاماری ئەم نوسەر و ئەو ڕۆشەنبیر و شاعیرە بدات، بەڵگەشم ئەوەیە، هەر لە شێرکۆ بێکەس و ڕەفیق سابیر و د. حوسێن محەمەد عەزیز و تا دەگاتە سەلام عەبدوڵا و دەیانی تر دەستی نەپارستوە و بەو زمانە (پاراو) ەی خۆی پیایاندا هەڵشاخاوە و ڕەخنەی لە پێناو ڕەخنەدا لێیان گرتووە. چونکە خۆی پێ دیکتاتۆری نوسینی کوردییە و وا دەزانێت کە تەنها نووسینەکانی خۆی بێ هەڵە و کەموکورین. حەز دەکەم بیری بخەمەوە کە لە سەر وەختی ناکۆکیەکەی لەگەڵ (عەوڵا) ی جاران و (د. عەبدوڵا ئاگرین) ی ئێستایدا، خوێندکارێکی بەشی کوردی زانکۆی سەلاحەددین، دوو وتاری جیا جیای لە سەر هەڵە ڕێزمانی و ڕێنووسیەکانی وتارەکانی ئەم لە سایتی کوردستاننێتدا، بڵاو کردەوە، کە زیاتر لە دە هەڵەی، وەک نمونە، لە نوسینەکانیدا دەستنیشان کربوو، کەچی ناوبراو هەولێری وتەنی خۆی کڕ کرد و هیچ وەڵامێکی نەدایەوە!

من تەنیا شتێک لە نووسینێکی ئەووەوە وەرگرتبێت، وتەکەی (جان کۆهن) ە، کە ئەو بە من دەڵێت (دزیوتە!) ، چونکە ناوی سەرچاوەکەیم نەنووسیوە، لە کاتێکدا ئەمە وتەی ناودارێکە نەک خودی حەمەسەعید. تا من دزیم لێ کردبێت. پاشان خۆ حەمەسەعید خۆشی ئەم وتەیەی لە نوسینێکیدا بەکاربردوە و ناوی سەرچاوەکەی نەهێناوە! فەرموو کلیکی ئەم سایتە بکەن بۆ سەیری ئەو نوسینەی ناوبراو:

http://www. dengekan. com/doc/2005/6/hassan27. pdf

ئەی باشە تۆ خۆت بۆ ناوی سەرچاوەکەت نەنووسیوە، ئەی نوسەری گەورەی گەلەکەمان؟ خۆ هەر بە پێوانەکەی خۆت، ئەگەر ناونەبردنی سەرچاوەی ئەو وتەیە بە دزی دابنرێت، ئەوا تۆ لەپێش مندا (دزی) یەکەت کردووە و

مامۆستای من بوویتە. خۆ ناشکرێت بڵێیت، (جان کۆهن) لە دانیشتنێکی گازینۆیەکی ستۆکهۆڵم دا، ئەو وتەیەی بە شەخسی پێ وتم!!؟
ئەوەش کە (زمان ڕەنگدانەوەی هۆشیاری تاکە) ڕستەیەکی زۆر ئاساییە، کە هەر ڕۆشەنبیرێک دەیزانێت و لە داهێنانی ناوبراو نیە، کە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی زمانەوانییدا پێی گەیشتبێت.
خاڵی دووەمی نوسینەکەی حەمە سەعی ئەوەندە سادەیە، کە جێگەی وەڵام دانەوەش نییە، ئاخر بەراورد کردنی دوو حاڵەتی تاقیکردنەوە و مەسەلەیەکی سۆزدارییی لە کوێ لە یەکدەچن تا من لە جەنابتم دزیبێت؟
ئەوەی کە نووسیومە هاورێییەکم لە نامەیەکیدا بە سێ بەش وشەی (تێبینی) نووسیوە. ئەوە هاورێییەکمە بە ناوی (س... ) لە شاری سەتگالنی سویسرا دادەنیشێت و ئەندامی حککع ە، ئەگەر حەمەسەعید حەز دەکات، با ئیمەیلەکەیم بۆ بنوسێت، تا ناو و ئەدرەسی مەیلی ناوبراوی بۆ بنوسم و لە خۆی پرسیار بکات کە روداوەکە چۆن بووە.
پاشان حەزدەکەم حەمەسەعیدی داهێنەر پێم بڵێت من لە کوێدا نووسیومە، کە وتارەکانی من بێ هەڵە و کەموکوڕین، تا ئەو وەک شانەهەنگوینی لە کلۆری داردا دۆزیبێتەوە باس لە هەڵە ڕێنووسییەکانم بکات؟ ئەرێ من هەر لە خۆی دەپرسم، دەتوانێت وتارێکی بڵاوکراوەی یەکێک لە سایتە کوردیەکانم بۆ دەستنیشان بکات، بەوانەی خۆشیەوە، کە هیچ هەڵەی ڕێنووسیی تێدا نەبێت؟ وە ئەگەر هەبێت لە سەدا چەندی بابەتە بڵاوکراوەکانە؟ ئاخر ئەوی وتارەکەی منی خوێندبێتەوە تێدەگات کە لە کۆتاییی‌دا، (ڕا) یەکانم بە ڕاناوی لکاوی (ین) نوسیووە، کە ئاماژە بە (ئێمە) دەکات، نەک بێم لە بورجی عاجەوە بنوسم و ئامۆژگاری خەڵک بکەم وەک جەنابیان دەڵێن.
بەڕێزم من ئەگەر (دز) ێکی ئەدەبیش بم، ئەوا وەک تۆ دزی سەروەت و سامانی میللەتە بەشخوراوەکەم نیم، کەوا بۆ ساڵێک دەچێت، بێ ئەوەی کار و پیشەیەکی دیاریکراوت هەبێت، لە یەکێ لە ڕازاوەترین ئوتێلەکانی هەولێر لە سەر حیسابی ڕەش و رووت و ئەنفالکراوانی گەلەکەمان، شاهانە دەژیت و قەڵەمەکەی خۆشت فرۆشتوە.
لە کۆتایی نوسینەکەیدا حەمەسەعید ئامۆژگاریم دەکات، کە دەست لە نوسین هەڵگرم، منیش ڕێگە بە خۆم دەدەم ئەمۆژگاریەکی ناوبراو بکەم، ئەگەر لێشم وەربگرێت، بێ گومانم قازانج دەکات، پێی دەڵێم، تۆ بۆ ئەوەی لەوە زیاتر ناوت نەزڕێت، باشترە دەست لە ڕەخنە لە خەڵک گرتن هەڵگریت، ئەگەر نا پێویستە لەمەودوا بە ئەدەبەوە بنوسیت نەک بەو زمانەی ئێستات.

**25. 5. 2006**

پەراوێزەکان:
١/ ئەو وشەیەم لەسەر کێشی دەست پیس، دەمپیس، ... هتد داتاشیوە.
٢/ بەداخەوە بەشی ئەرشیفی کوردستانبۆست نووسینەکانی ئەو ساڵانەی تێدا نییە، بۆیە نەمتوانی لینکی ئەو وتارە بنوسم، بەڵام لای خۆم لە کاتی خۆیدا، دەقی بڵاوکراوەی سەر سایتەکەم کۆپی کردوە و هەر کەسێکیش دەیەوێت با مەیلێکم بۆ بکات، تا سکانی بکەم و بۆی بنێرم. ندکە